**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەریی پێگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەسەر زمانی کوردی

**پ. ی. د. شادان شوکر سابیر**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

shadan.shukr@koyauniversity.org

**م. ی. بەژدار سلێمان عەبدولمەناف**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/١/٢٨

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٢٦

بڵاو کردنەوە: هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**

*communication, influence of cultural position, influence of religious position, influence of political position, influence of economic position*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.17

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (کاریگەریی پێگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەسەر زمانی کوردی)یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئێستادا زۆر بە ڕونی هەست بە کاریگەریی پێگە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی لەسەر زمان دەکرێت، هەروەها حەز و خولیامان بۆ بابەتەکە هاندەر بوو، بۆ ئەوەی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژێرین، جگە لەوەی کە ئەم بابەتە بە زمانی کوردی و لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لێی نەکۆڵدراوەتەوە، هەستکردنمان بە بۆشایی لە کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا هۆکارێکی تر بوو، کە ئەم بابەتە بکەینە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، بەڵکو ئەم توێژینەوە بتوانێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی (وەسفی شیکاری) هەوڵی دەستنیشانکردن و خستنەڕوی بابەتەکەی داوە، پشتبەستوو بە هێنانەوە و شیکردنەوەی چەندین نمونە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەك پێگەی: (سیاسی، ئاینی، ئابوری، رۆشنبیری، خزمایەتی، تەمەن و رەگەز) کاردەکەنە سەر کارابوونی زمان و بەڕونی کارگەرییان لەسەر زمانی تاك ڕەنگدەداتەوە، هەروەها یەکێك لەو پێگانەی کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری لەسەر زمان و کۆمەڵ هەیە، پێگەی ئایینییە، کە بە ڕادەیەکی زۆر رێز لە پیاوانی ئاینی دەگیرێت و قسەکانیان بە هەند وەردەگیرێت، بەڵام پێوستە ئەوەش بڵێین، کە هەندێکجار پێگە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شێواندن و هەڵخەڵەتاندن و تێکدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێندرێن.

.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەریی پێگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەسەر زمانی کوردی)یە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا بەڕونی هەست بە کاریگەریی پێگە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی لەسەر زمان دەکرێت، هەروەها حەز و خولیامان بۆ خستنەڕوی ئەم بابەتە هاندەری سەرەکی بوو، کە ئەم بابەتە بکەینە ناونیشانی توێژینەوەکەمان.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە دەچێتە ناو چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شکاریی) پەیرەو کراوە، واتە بەپێی ئەم ڕێبازە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ بابەتەکە کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە، وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

ـ پێگە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا چین؟

ـ ئایا پێگە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە یان نا؟

ـ ئایا ئەم پێگانە تەنها کاریگەری باشییان لەسەر زمان هەیە؟ یان هەندێکجار لەژێر سێبەری ئەم پێگانە زمان بۆ هەڵخەڵەتاندن و شێواندنیش بەکاردێت و دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**لەبەشی یەکەمدا،** ئەم بابەتانە (زمان و کردەی پەیوەندیکردن، چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن، ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن، جۆرەکانی پەیوەندیکردن) خراوەتەڕو.

**لەبەشی دووەمدا،** کاریگەریی پێگە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان وەك، کاریگەریی پێگەی: (ڕۆشنبیری، ئایینی، سیاسی، ئابوری، خزمایەتی، تەمەن، ڕەگەز) خراوەتەڕو.

## 1ـ بەشی یەکەم: کردەی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی:

### 1.1: زمان و کردەی پەیوەندیکردن:

یەکێك لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی پەیوەندیکردن و جێخۆشکردنە لەنێوان قسەکەر و گوێگر، ئەرکی پەیوەندیکردن لەو ئەرکانەیە، کە زۆر بڵاوەو لە هەموو زمانێکی سروشتی هەست بەبوونی دەکرێت، ئەم ئەرکە دەتوانین پێشی بڵێین (ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان)، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەزی لە پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، ((ئەم جێخۆشکردنەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی زمانەوە زیاتر لەو گوتنانەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆژانە بەکاردێت و بەسەر زاری هەموو کەسێکەوەیە، بۆ مەبەستی خۆبردنە پێشەوەو بارو شوێن خۆشکردن و خۆ چەسپاندن لەناو کۆمەڵگادا، وەك ئەو گوتنانەی بۆ سڵاوکردن و چاکوچۆنی و خواحافیزی بەکاردێن))، (فەتاح، 2011: 37). هەروەها یەکێك لە گریمانەکانی پەیدابوونی زمان، گریمانەی پەیوەندییە، ئەم گریمانەیە لەلایەن (ریڤیزەوە) خراوەتەڕو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروست دەبێت، کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندیکردن.

کۆمەڵ ناوەندی بە کۆمەڵایەتی زمانە، زمانیش گرنگترین ئامێری پەیوەندییە لە کۆمەڵدا، چونکە ئەگەر زمان نەبێت پەیوەندی دروست نابێت، ئەگەر پەیوەندیش نەبێت، ئەوا کۆمەڵیش دروست نابێت (ناوخۆش، عەبدوڵلا، خۆشناو، 2011: 52)، واتە ئامادەنەبوونی هەر یەکەیان ئامادەبوونی ئەوی تر بێبەها دەکات. چونکە بەهۆی زمانەوە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروبۆچونەکان دروست دەبێت و بەهۆی ئەم پەیوەندیانەش کۆمەڵ بنیاتدەنرێت.

مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندیدایە، جا چ ئەو کاتە بێت، کە زانیاری خۆی دەبەخشێتە کەسانی دەوروبەر، یان زانیاری وەردەگرێت، یا بیر و ڕێز و خۆشەویستی دەگوێزێتەوە، یان دەیەوێت شەڕ و ئاژاوە بنێتەوە، یان هەوڵدەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت، یان پێگە داگیر بکات، یان کاتێ لە پێگە بەرزەکان دادەبەزێنرێت. هەموو ئەمانەش بەهۆی زمانەوە دەبێت، وەك عەتابی دەڵێت: (سەرتاپای ژیانمان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قسەکردنمان، چونکە هۆکاری پەیوەندیکردنمانە)، (العتابی، 2006: 49) لەبەرئەوەی زمان ئامرازێکە لە خزمەتی پەیوەندیکردندایە. واتە پەیوەندیکردن ئەو پرۆسەیەیە، کە بەبێ زمان ئەنجامنادرێت. جا ئەو زمانە زمانی (نوسراو، گوتراو، زارەکی و نازارەکی) بێت. کەواتە پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە چوار ڕێگادا دەبێت:

یەکەم: ڕێگای زارەکی، بریتییە لە ئاڵوگۆڕی پەیام لەڕێگای زمانەوە ڕوودەدات، لەم شێوەدا، بۆ گەیاندنی پەیام وشەی گۆکراو و ئاماژەی دەنگی بەکاردێت.

دووەم: ڕێگای نازارەکی (ناگوتەیی)، هەموو ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە، کە ناکرێت بەدەنگ، یان نوسین دەرببڕدرێن، بەڵکو بە ڕێگای نازارەکی، وەك: (پارازمانی، زمانی جەستە، وێنە، ڕەنگ، مۆسیقا، کەلوپەل و جلوبەرگ ...هتد) دەردەبڕدرێن (دزەیی، 2005: 56).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: ڕێگای بینراو.

چوارەم: ڕێگای نوسین (عومەر، 2014: 35).

هەر ڕێگایەك لەم ڕێگایانەی سەرەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ڕێگای زارەکی سەرەکیترین ڕێگایە بۆ پەیوەندیکردن، مرۆڤ وردە وردە بەهۆی پەیوەندیکردنەوە گەیشتە ڕەوشتێکی بەرزی قسەکردن. زمان ئەو تۆڕە تێکچرژاوەیە تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵانی جیهان پێکەوە دەبەستێتەوە، زمان کەسایەتی و تەمەن و ڕەگەز و شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و بیروڕاو مەبەستی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، واتە زمان کاریگەری کارای لەسەر پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا هەیە.

### 2.1: چەمك و پێناسەی پەیوەندیکردن:

زاراوەی پەیوەندیکرن (Communication)، بۆ وشەی (Communicar)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای (هاوبەش) یا (گشتی) دێت. بەم شێوەیە ((پەیوەندیکردن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی پەیامێك لە نێرەوە بۆ وەرگر لە ڕێگەی کەناڵێکەوە))، (DeVito, 2007: 15).
واتە هاوبەشیکردن یان تێگەیشتن لەبارەی شتێك یان بیرۆکە و هەست و ئاراستە و ڕەفتارێك یان کردارێك دەگرێتەوە. ڕێژەی هاوبەشیکردن لەنێوان تاکەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، وەك ئەوەی کە ((ڕستەیەك کار لە گوێگرێك دەکات، بەڵام هەمان کاریگەری لەسەر گوێگرێکی تر نییە، بەهۆی دابونەریت و جیاوازی بیرکردنەوە و تەمەن و ڕەگەز و بۆ ماوە و پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری))، (فەرهادی، 2003، 12).

چەمکی پەیوەندیکردن بۆ یەکەمجار لەلایەن (ئەرستۆ) لە کتێبی (ڕیتۆریکا) بەکارهاتووە، کە بەم شێوەیە باسی چەمکی پەیوەندیکردنی کردووە ((پەیوەندیکردن بریتییە لە بەدواداچوون و توێژینەوە بە مەبەستی وەدەرخستنی هەمو ئەو ئامراز و توانایانەی کە بۆ هاندان و ڕازیکردنی کەسانی دیکە لەئاراداان))، (سورخی، 2008، 9).

(شیلان عوسمان) دەربارەی پێناسەی پەیوەندیکردن دەڵێت: ((پەیوەندیکردن کاتێك ڕوودەدات، کە بیرێك کاریگەری دەبێت لەسەر بیرێکی دی، بەمەش شارەزاییەك لە هۆشی وەرگر دروست دەبێت، لەو شارەزاییە دەچێ کە لە هۆشی نێرەردایە))، (عوسمان، 2009: 21). مەبەست ئەوەیە کاتێك

مرۆڤ بیرێکی لە مێشك دایە بەهۆی پەیوەندیکردن دەتوانێت ئەو بیرە بگوازێتەوە بۆ وەرگر، ئەو کات یان شارەزایی زیاتر وەردەگرێت لەسەر بیرەکە، یان شارەزایی سەبارەت بە بیرەکە دەگەێنێتە وەرگر. ئەم ئەرکەی زمانیش لە چەند شێوازێکدا خۆی دەنوێنێ (داواکردن، زانیاری و هەواڵگەیاندن، پەسندکردن، ڕەتکردنەوە، پرسیارکردن، داوای لێبوردن کردن، ...هتد)، ( ناوخۆش، عەبدوڵڵا، خۆشناو، 2013: 44)، کەواتە پەیوەندیکردن، بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕا و زانیاری، لەنێوان دوو کەس یان زیاتر، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتر تێگەیشتن و زانیاری پەیداکردن لەسەر دیاردەکانی دەوروبەر. واتە تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی ئەو هێمایانەی لەسەری ڕێککەوتوون و ڕاهاتوون بیروڕاو زانیارییەکان ئاڵوگۆڕدەکەن بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی نێوانیان.

مرۆڤ هەمیشە حەزی بە پەیوەندیکردنە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی لە بارەی دەوروبەر دەیانزانێ بەهۆی پەیوەندیکردنەوە بە کەسانی تریان بگەێنێت، هەروەها بەهۆی پەیوەندیکردنەوە دەتوانێ ئاگاداری هەموو ڕوداوەکانی دەوروبەر بێت، جا لە هەر بوارێك بێت. پەیوەندیکردنیش لە کۆمەڵدا لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دەبێت و لە ڕێگای زمانەوە لە یەکتر دەگەن و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

(دیوید بێرلون) دەربارەی پەیوەندیکردن دەڵێت: ((پەیوەندیکردن بریتییە لە بەدوای وەڵام داچوون لەلایەن وەرگرەوە))، (عەبدولڕەحمان، 2009: 10). کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردن، بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕاو زانیاری و هەست و سۆز و کاریگەری دروستکردن لای وەرگرانی لە ڕێگەی زمانی هاوبەش لەنێوان بەشداربواندا.

لە چەمك و پێناسەکانی پەیوەندیکردن ئەم خاڵانە بەدیدەکرێن:

أ ـ زمان ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردنە.

ب ـ پرۆسەی پەیوەندیکردن بەهۆی هەندێك هێماوە دەکرێت.

پ ـ کەسی نێرەر و کەسی وەرگر دەبێت هەبێت.

ت ـ کەسی وەرگر کاتێك پەیامی نێرەر وەگردەرێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وەڵامدانەوە، بەپێی پەیامەکە کاردانەوەی خۆی لەسەر پەیامەکە ڕوندەکاتەوە (سورخی، 2008: 11).

### 3.1: ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن:

لێرەدا بەکورتی ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن دەخەینەڕو:

1ـ قسەکەر: قسەکەر لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردنە، هەرچەندە قسەکەر بوونی نابێت، بەبێ بوونی پەیام و گوێگر و کۆد.

2ـ گوێگر: بریتییە لەو کەسەی یان کۆمەڵە کەسەی کە پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت. دوو جۆر گوێگر هەیە (گوێگری دیاریکراو، گوێهەڵخەر).

ـ گوێگری دیاریکراو: ئەو گوێگرەیە، کە ڕاستەوخۆ پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت.

ـ گوێهەڵخەر: ئەم گوێگرە، کە هەرەمەکی گوێبیستی پەیامی قسەکەر دەبێت.

3ـ پەیام: بریتییە لە بابەت و مەبەستی قسەکردن. واتە پەیام بریتییە لە زانیاری و بیر و هەست، کە دەشێ دەنگی بێت وەکو قسە، یان وێنەیی بێت وەك نوسین، یان جوڵە و ئاماژە و ڕەنگ، یان تێکەڵی هەموو ئەو پێکهاتانە بێت (دزەیی، 2012: 35).

4ـ کۆد (هێما، کەناڵ): بریتییە لەو سیستەمە زمانییەی، کە لەنێوان کەسەکان بەکاردێت بۆ گواستنەوە و وەرگرتنی پەیام.

5ـ ژاوەژاو: هەرشتەك ببێتە بەربەستی گەیشتنی پەیام بۆ وەرگر بە ژاوەژاو ناودەبردرێت. پسپۆرانی بواری پەیوەندیکردن چوار جۆر ژاوەژاویان دیاریکردووە: (ژاوەژاوی تەکنیکی، ژاوەژاوی واتایی، ژاوەژاوی دەرونی، ژاوەژاوی جەستەیی).

### 4.1: جۆرەکانی پەیوەندیکردن:

بەپێی گۆڕان و جیاوازی ڕێژەی ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها بەشداریکردن و نەکردنی ڕەگەزەکان لەڕوی چۆنیەتی و چەندیەتییەوە، چەند جۆرێك پەیوەنیکردن هەیە، لەوانە:

#### 1.4.1: پەیوەندیکردنی خودی:

پەیوەندیکردنی خودی، بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە خودی مرۆڤ خۆیدا جێگە دەگرێت، واتە ئەو جۆرە پەیوەندیکردنە لەناخی خودی خۆماندا ئەنجام دەدرێت. ئەو کاتەی کە مرۆڤ خۆی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ خۆی قسە دەکات (عەلی: 2005، 56). واتە ئەم جۆرە پەیوەندییە پێویستی بە کەناڵ نییە، ناردن و وەرگرتنی پەیام لەلایەن خودی تاکە کەسەوە ئەنجام دەدرێت، ئەگەر هاتوو کەسی پەیوەندیکەر دەنگی لێ بەرزبۆوە، ئەوە ئەگەری تێکچوونی باری دەروونیی کەسەکە دەگرێتەوە، کە پێی دەڵێن (ورێنە). ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی ترە، بۆ نمونە کاتێك ئێمە بمانەوێت قسە لەگەڵ کەسێك بکەین سەرەتا لەگەڵ خۆمان دەدوێین خۆمان ئامادە دەکەین بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسەکە، ئینجا دەست بە قسەکردن دەکەین.

پەیوەندیکردنی خودی دوو جۆرە:

أ- ئاگایی: کاتێ مرۆڤ بە ویستی خۆی دەگەڕێتەوە ناخی خۆی، واتا کاتێك مرۆڤ بە ویستی خۆی بیر لە شتێك دەکاتەوە، کە بەسەریدا ڕۆیشتووە، یان لە داهاتوودا ڕووبەڕوی دەبێتەوە، بۆیە پێویستی بەخۆ ئامادەکردنە، وەك (بیرکردنەوە، دوعاکردن).

ب بێئاگایی: ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە بە ویستی خودی مرۆڤەکان ڕونادات، بەڵکو لە نەست (لاشعور) ڕودەدات. مرۆڤەکان زۆرجار هەست بەم جۆرە پەیوەندییە دەکەن، بەڵام کە بەئاگا دێنەوە پەیوەندکردنەکەش نامێنێ، وەك (خەوبینین، خەیاڵکردن)، (عوسمان، 2009: 32).

## 2.4.1: پەیوەندیکردنی جەماوەری:

پەیوەندیی جەماوەری، بریتییە لەو هۆکارانەی کە توانای گواستنەوەی پەیامە جەماوەرییەکانیان هەیە، کە لە نێرەرەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك (وەرگر) دەنێردرێت، وەکو (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، سینەما، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)، (عەلی، 2005: 58). واتە ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵك یان زیاتر لە کەسێك ئەنجام دەدرێت. ((لەم جۆرە پەیوەندیکردنەشدا، زمان، دەورێکی باڵا بۆ گەیاندنی داخوازیی قسەکەران بۆ کەسانی تر دەگێڕێت))، (Wood, 2011: 48). پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، یارمەتی ئەو کەسانە دەدات، کە پەیوەندیی جەماوەری دەبەستن، بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی جیاجیادا، پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە بکەین. بۆیە دەکرێت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە یەکێك لە فاکتەرە هەرە گرنەکانی پێشکەوتنی پەیوەندیکردنیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەماوەری لە قەڵەم بدرێت. ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە، لە رێگای بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ڕاگەیاندنەوە دروست دەبێت.

گەیاندنی پەیام بۆ ژمارەیەکی زۆری گوێگر، کە لە ئاست و بیرکردنەوەی جیاوازن، لە بڕیاردانی شەڕ و ئاشتی ڕۆڵی هەیە، بۆ وروژاندنی ڕای گشتی زۆر کارایە، چونکە بە ئاسانی دەچێتە هەموو ماڵێك و ڕوبەڕوی هەموو ئاست و تەمەن و ڕەگەزێك دەبێتەوە، بەزۆری زمانی ستاندارد بەکاردێت.

### 3.4.1: پەیوەندیکردنی ناوەندی:

ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە دەکەوێتە نێوان هەردوو جۆری پەیوەندیکردنی جەماوەری وپەیوەندیی کەسی، هەر بۆیەش پێی دەگوترێت پەیوەندیکردنی ناوەند. ((لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا، ئاڕاستەی قسەکەر لە ئاڕاستەی گوێگر کاراترە. زۆربەی کات، کاردانەوە و کاریگەریەکەی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت. نێرەر جگە لە کۆدی گوتەیی، کۆدی ناگوتەییش (زمانی جەستە و پارازمانی و ... هتد) بەکاردەهێنێت، هەروەها بابەت و کات و شوێنی قسەکردن ڕۆڵی باڵایان لە چالاککردنی ئەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا هەیە، وەکو لە وتاری مامۆستایانی ئاینی، بێژەری ڕادیۆ و تەلەفیزیۆندا دەبینرێت (عەبدولڕەحمان، 2009: 20).

واتە بەشێوەی ڕاستەخۆ و کردەیی بیروڕا گۆڕینەوە لەنێوان (نێرەر و وەرگر)دا ڕونادات، بەڵکو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەم کارە ئەنجام دەدات. بۆ نمونە، نوسەر کتێبێك دەنوسێ و دەیخاتە بازاڕاوە، خەڵك ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، بێگومان بەشێك لە خوێنەرەکان بە دڵیانە و بەشێکیان ڕەخنەی لێدەگرن، ئینجا بە وتار و لێدوان، لە ڕێگەی کەناڵە جۆراوجۆرەکانەوە ئەم ڕەخنەیە بڵاودەکەنەوە، یان جاری وا هەیە، ڕەخنەکان لە ڕێگای پەرتوکێك بڵاودەکەنەوە، تا دواجار ڕەخنەکان دەگەنە دەستی نوسەری یەکەم. ئەمە جۆرێك پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەکات. بەزۆری ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە ڕێگای (تەلەفۆن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ...)ەوە ئەنجام دەدرێت.

### 4.4.1: پەیوەندیکردنی کەسی:

لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا، زمان، دەورێکی باڵا دەگێڕێت، چونکە لە ڕێی زمانی قسەکەرەوە هەست بە ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەیشتنی کەسەکە دەکەین، هەروەها بە پەیوەندیکردنی بەرانبەریش ناسراوە، ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە بەشێوەی ڕوبەڕو لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر ئەنجام دەدرێت، دەتوانرێت هەر پێنج جۆر هەستەکانی تێدا بەکاربێت، ((چاکترین جۆری پەیوەندیکردنە، چونکە باشترین هەڵ بۆ پەیوەندیکەر دەرەخسێنێ، تاکو بزانێ تا چ ڕادەیەك پەیامەکەی کاریگەریی بەسەر پەیوەندیکەرەکەدا هەیە))، (عەلی، 2005: 57).

واتە ئەم جۆرە پەیوەندییە کاتێك ڕوودەدات، کە کەسەکە لە بەرانبەرت بێت، لەگەڵ قسەکردنەکەدا دەتوانین زیاتر لە ئەندامێکی جەستە، وەك دەست یان سەر، ...هتد بەکاربینین، تا بتوانین کاریگەریی زیاتر لەسەر کەسی بەرانبەر دروست بکەین. زۆرجار زمان، هۆکارە بۆ تەبایی تاکەکان، لەپاڵ ئەوەشدا زۆرجار هۆکارە بۆ ناتەبایی و دوژمنایەتی، بەپێی ئەو بارەی کە زمانی تێدا بەکاردێت. لەم جۆرە پەیوەندییەدا قسەکەر کاریگەریی پەیامەکەی لەسەر گوێگر بەدیدەکات (گەیشتن یا نەگەیشتن)، بواری درۆی کەمە.

## 2. بەشی دووەم: کاریگەریی پێگە جیاوازەکان لەسەر زمان:

لەم بەشەدا بەوردی باسی جۆری پێگەکان لە زمانی کوردیدا دەکەین، کە کاریگەرییان لەسەر تاك هەیە، لەبەرئەوەی ئەو پێگانەی تاکەکان لە کۆمەڵدا هەیانە، دەبێتە هۆی لەبەرچاوگرتنی بیروڕاو بۆچون و پێشنیارەکانیان، لە وروژاندن و ڕازیکردن و گۆڕانی ئاڕاستەی فکری کەسانی تر.

ئاشکرایە ئامۆژگاریکەران، قسەزانان، سیاسەتمەداران...هتد، لە دەست بەسەرداگرتنی زمان سودی زیاتریان وەرگرتووە، هەندێك لەو کەسانە لە ((ڕازیکردن و کاریگەری دروستکردن زۆر سەرکەوتوون))، (باطنی، 1376، 35). زمانی ئەوان وەك فاکتەرێکی سەرەکی کاریگەری دەبێت لە پەیوەندییە کەسییەکان، کە لە توانای دا هەیە ئاراستە و ڕەوتی پەیوەندییە کەسییەکان بگۆڕێت، بەهۆی ئەو کاریگەری و کاردانەوەی دروستی دەکات لەڕێگەی ئەو متمانە و هێزەی لە کۆمەڵدا پێی

بەخشراوە، هەروەها پەیوەندی خزمایەتی و دور و نزیکی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر بە هۆکاری کاریگەر دادەنرێن لە کاریگەری دروستکردندا.

(براون) لە ساڵی (1970)دا دوو ڕەگەزی گرنگی دەستنیشانکرد، کە کاریگەری زۆریان لەسەر ڕەوتی قسەکردن هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1 ـ پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر.

2 ـ مەودای نزیکی دەرونی (خزمایەتی)، (حەمدانی، 1982، 228).

لە کۆمەڵگەکاندا بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی چەند پێگەیەکی سەرەکی هەیە، کە زمانی ئەو کەسانەی لەو پێگەیەدان کاریگەرییان لەسەر تاکەکانی تری ناو کۆمەڵگە هەیە، وەك پێگەی: (سیاسی، ئابوری، ئاینی، ڕۆشنبیری، ...هتد)، چونکە هەر پێگەیەك لە کۆمەڵگەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمان هەیە، مرۆڤ لە هەر پێگەیەك و لەهەر شوێنێك بێت زمانیش هەیە، لێرەدا ئەم پێگانە دەخەینەڕو:

## 1.2: کاریگەری پێگەی ڕۆشنبیری:

ڕۆشنبیری بە بڕوانامە نییە، بەڵکو بە پەروەردەکردنی خودی، تاك ڕۆشنبیری بەدەستدەهێنێت، ڕاستە زۆرجار بە مامۆستا و کەسانی ئەکادیمی دەگوترێت ڕۆشنبیر، ئێمەش دەڵێین بەڵێ لەناو چینی خوێندەوار و ئەکادیمی کەسانی ڕۆشنبیر زۆرن، بەڵام پێوستە ئەوەش بڵێین کە هەندێکجار لەگەڵ ئەوەی کەسە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەیە، بەڵام خۆی پەروەردە نەکردووە و ڕۆشنبیر نییە، بۆیە دەڵێین ڕۆشنبیری بە بڕوانامە نییە و بەخۆ پەروەردەکردنە. پێوستە ئەوە بڵێین، کە لە هەر کۆمەڵگەیەکیش کەسانی ڕۆشنبیر و بیر فراوان هەبێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر ناوزەد دەکرێت. کەسانی ڕۆشنبیر جگە لەوەی کە کاریگەرن و جێی متمانەن لە بوارەکانی خۆیاندا، لە پەیوەندییە کەسییەکانیش لەبەرچاو دەگیرێن، وتەکانیان وەك بەڵگە بۆ ڕازیکردن، یا بەهێزکردن و کاریگەرکردن بەکاردێت، بۆ نمونە: ئەو مامۆستایەی کە لە پۆلەکەیدا توانایەکی باشی هەیە لە گەیاندنی مەبەستەکانی بە زمانێکی پاراو و کاریگەر، لە دەرەوەی پۆلیش ڕێزی بۆ دادەنرێت، وتەکانی بەهەند وەردەگیرێت و ڕێز لە بۆچوونەکانی دەگیرێت، هەروەها ئەو ڕۆژنامەنوسەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتەکانی بەهێز و کاریگەرە، لە پەیوەندییە کەسییەکانیش توانای کاریگەری دروستکردنی هەیە، چونکە خەڵك تێڕوانینیان بۆ وتەکانی لە ڕوانگەی بابەتەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزیۆنەکانەوە دەبێت. هەرچەندە قسەکەر سەرمایەی زمانی زیاتری هەبێت (ئەو سەرمایەی کە لە بنەڕەتدا هێمایە)، واتە ئەو کەسەی فەرهەنگێکی ئاوەزیی دەوڵەمەندی هەیە بە شێوازێکی جیاواز لەوەی کە لە فەرهەنگدا هەژارە، قسە دەکات، چونکە کۆمەڵ بەر لەوەی سەرمایە و کردەوەی تاکەکان ببینێ لە ڕێگەی سەرمایەی زمانی هەڵی دەسەنگێنێت. ئەم سەرمایە زمانییەش بریتییە لە چەندێتی و چۆنێتی ئەو وشە و دەستەواژانەی بە پاڵپشت لە گەڵ یاسای زمانەکە، کە لە یادگەی تاك هەڵگیراوە، کە لە پەیوەندییەکانیدا پەنای بۆ دەبات (عەبدولڕەحمان، 2009، 72)، بۆیە دەبینرێت ئەو کەسەی، کە لە نوێوە فێری زمانێکی تازە دەبێت توانای پەیوەندیکردنی سنوردارە، بۆیە زیاتر پەنا دەباتە بەر زمانی جەستە، هەروەها ئەو کەسەی کارەکەی ناچاری دەکات، کە مامەڵە لەگەڵ وشە و دەستەواژە دابکات، وەك شاعیر و ڕۆماننوس و رۆژنامەنوس...هتد زمانێکی پاراوتری هەیە، لە تێگەیاندن و کاریگەری دروستکردن، بە پێچەوانەی ئەوانەی کارەکانیان هونەری و زانستی و سروشتییە.

کەواتە تاکە هۆکاری بەدەستهێنانی پێگەی ڕۆشنبیری مامەڵەکردنە لەگەڵ زمان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەی زمانی بە پاڵپشتی توانای گەیاندن، کە یارمەتی دەدات بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردن، جگە لە پەیوەندیی جەماوەری و ناوەندی لە پەیوەندییە کەسییەکانیش دەسەلاتێکی دیاریدەبێت.

هەروەك گوتمان ڕۆشنبیری تاك کاریگەری لەسەر ڕوشنبیری کۆمەڵگەش هەیە، بەشێوەیەك، کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی ڕۆشنبیری و پلەی شارستانیەتی کۆمەڵگە دەردەکەوێت. هەر بۆیە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە پەند و ئیدیەمەکانی هەر کۆمەڵێکدا بکرێت، ڕادەی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کۆمەڵەکە ڕوندەبێتەوە (شەمس، 2006: 44). ڕۆشنبیری تاك، بەشێوەیەکی تایبەتی، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی زۆر بەرچاو لە وشە و دەربڕینەکانیدا، تەنانەت لە چۆنیەتیی گۆکردنی دەنگەکانیشدا کاریگەریی خۆی هەیە. ئەو کۆمەڵەی کە تێڕوانینی بۆ ژیان لە دەسەڵات و هێزەوە گۆڕاوە بۆ یەکسانی و هاوکاری، دەربڕینیان لە ئاخاوتندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هێندە گرنگی بە

نازناو و پێشگر و پاشگرەکانی وەك (بەگ، ئاغا، کاك، خانم، خاتوون، شازادە، پاشا، سەرۆك و سەید، شێخ،...هتد)نادەن. کۆمەڵی ڕۆشنبیر و مەدەنی حەز بە دەسەڵات و پلەوپایە ناکات، بۆیە دەربڕینەکانی (دەستت ماچ دەکەم، بەخولامت بم، خزمەتکارێکی تۆمان هەیە، کارەکەرێکی تۆمان هەیە، هەروەها دەست بە سنگەوەگرتن و نوشتانەوە و کڕنوشبردن...هتد) بەکارناهێنن.

## 2.2: کاریگەریی پێگەی ئایینی:

ئاین، بریتییە لە بەرنامەیەك بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەو هێزەی کە باوەڕی پێی هەیە (شەمس، 2013: 104). هەر لەڕێی ئایینەوە کۆمەڵێك وشە و زاراوە دێنە ناو زمانی کوردی، فەرهەنگی کوردی دەوڵەمەند دەکات، ئەوەی زیاتر لەم پێگەیەدا چالاکە و بەکاریدەهێنێت، وەك (فەقێ، مەلا، تەریقەت، تۆبەکار، بانگخواز، ...هتد). ئایین، بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ گەشەکردنی زمان، ئایینی (زەردەشت، یارسان، مەسیحی و ئیسلام، ...هتد) کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی زمانی کوردی هەبووە، بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ڕاستە بە زمانی کوردی دانەبەزیووە، بەڵام ئاین لە هەموو سەردەمێکدا، هاوشانی ژیانی مرۆڤ بووە، کاریگەری لە هەموو بوارێکی ژیان کردووە. زمانیش وەك یەکێك لەم دیاردانە، ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئایینەوە. لە هەر سەردەم و هەر وڵات و نەتەوەیەك بێت، ڕێو ڕەسمە دینییەکان زمانی تایبەت و شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆیان هەیە، وەك: (نوێژ، بانگ، وتار، بۆنە ئاینییەکان، ...هتد). زۆرجار ئایین زمانی بەرەو پێش بردووە، لای نەتەوەکەی خۆی پیرۆزی کردووە (سەعید، 2008: 24).

هەر نەتەوەیەك زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و پێی دەناسرێتەوە، کۆمەڵە نەتەوەیەکیش ئاینێکی دیاریکراویان هەیە، کە زۆربەیان زمانی جیاوازیان هەیە، واتا هاودینن، بەڵام مەرج نییە هاوزمان بن. لە قورئانی پیرۆزیشدا باس لە توانستی زمان کراوە، کە خوای گەورە بە مرۆڤەکانی بەخشیووە بۆ ئەوەی قسەی پێ بکەن و کارەکانی خۆیانی پێ ڕابپەڕێنن، ئەرکە ئایینییەکانی پێ جێبەجێ بکەن. دەسەڵاتی ئایینی چاودێرێکە بۆ مرۆڤی باوەڕدار، ئەو تاکانەی خاوەنی ئەو پێگەن (مەلا، شێخ، سەید، قەشە، ...هتد)، لە کۆمەڵگە، ڕەچاوی بیروبۆچوونەکانیان دەکرێت. لە زۆربەی بۆنە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و یا بەشداری خۆپیشاندان، یا ڕای گشتی، پیاوانی ئایینی بانگهێشت دەکرێن و لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێی فەرموده و بەکارهێنانی زمانەوە، چارەسەری زۆربەی کێشە و گیروگرفتەکان دەکەن، مەودا نادەن کێشەکان تەشەنە بکەن. بۆ نمونە: (لەکاتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کاتێك مەلا بانگهێشت دەکەن، بۆ چارەسەری کێشەکە، کە مەلا گوتی خوا مرۆڤی لێبوردەی خۆشدەوێت، خوای گەورە بەگەورەیی خۆی لێبوردەیە و لە بەندەکانی خۆی خۆشدەبێت، تۆ ناتەوێت لەو برا موسوڵمانەت خۆشبیت....لەو کاتەدا لەوانەیە کەسەکە دڵی نەرم بێت و لە تاوانبارەکە خۆشبێت). هەروەها لە پەیوەندیی جەماوەر و ناوەندیشدا، پەنا بۆ پیاوانی ئایینی دەبردرێت بۆ دروستکردنی فشار و کاریگەری پێگەی ئایینی، کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر بەکارهێنانی زمان هەیە، چونکە ئەو کەسایەتییە ئایینییانەی کە لە وتاری هەینیدا، یان لە هەر بۆنەیەکی ئایینی دیکەدا، بابەتێك پێشکەش دەکەن، ئەوە لەڕێی فەرموده و ئایەت و گێڕانەوەی ڕوداوی ئایینی شێوازی زمانی خۆیدا کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دەبێت، کە لە وتارەکەیدا ئامادە دەبن، یان گوێیان لێدەبێت، وای لێ دەکات کارێك یان ڕەفتارێك ئەنجام بدات، کە پێشتر نەیکردبێ یان باوەڕی پێ نەبووبێ، یان واز لە کارێکی خراپ بێنێت، کە پێشتر کردویەتی. ئاین لە هەموو کۆمەڵگایەك دەسەڵاتی هەیە. هیچ کۆمەڵگایەك نییە لەم دەسەڵاتە بێبەشبێت، دەسەڵاتی ئاین جیا لە دەسەڵاتەکانی دیکە هەڵگری بەهای پیرۆزییە بۆ نمونە: کاتێك ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبۆوە خەڵك زۆر بڕوای بە حکومەت نەدەکرد، بۆیە خۆیان نەدەپاڕاست و دەستکێشیان لە دەست نەدەکرد و دەمامکیان نەدەبەست، بۆیە حکومەت کۆبونەوەی بە مامۆستایانی ئاینی دەکرد و داوای لێیان دەکرد، لە وتارەکانیاندا باسی گرنگی خۆپارێزی بکەن و خۆیان لە قەرەباڵغی و کۆبوونەوە بە دور بگرن، چونکە دەیزانی مامۆستایانی ئاینی لەناو کۆمەڵگەدا پێگەیەکی گرنیان هەیە و خەڵك بە قسەیان دەکەن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە دیاریکردنی ئەو هۆکارانەیە، کە کاریگەری بە وتەکانی پیاوانی ئاینیی دەبەخشن و پێگەیان لە کۆمەڵدا پتەو دەکەن. ئەو هۆکارانەی زمانی پیاوانی ئاینیی کارا دەکات، بریتیین لە:

1ـ بارگاویکردنی وتەکانیان بە کۆمەڵێ بەها، کە لەلایەن گوێگر پیرۆزن، وەك بیرخستنەوەی ڕۆژی دوایی و مژدەدان بە بەهەشت.

2ـ پیاوە ئاینییەکان وتەکانیان زیاتر بڕیتییە لە ئامۆژگاری، بۆیە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشداری دەکەن، وەك ژن و ژنخوازی و ململانێ و دوژمنایەتی. (عەبدولڕەحمان، 2009: 70).

3ـ شتێکی دیکە کە پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵقۆزتنەوەی ئاین، تەکنیکەکانی کۆنترۆڵی دەنگ، دەربڕینی دەموچاو، جووڵەی سەر و دەستە. بەکارهێنانی دروستی ئەم تەکنیکانە بەپێی بنەماکان کاریگەرە لە زیادکردنی سەرنج و تەرکیزی ئامادەبووان و زیادکردنی کاریگەری وشەکان و هاندانیان بۆ گوێگرتن لە بەردەوامی وتارەکە.

پێگە ئاینییەکان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کاریگەری و دەسەڵاتی بەرچاویان هەیە، پیاوە ئاینییەکان لە زهنی کۆمەڵگەی ئێمەدا پێشینەیەکی باشیان هەیە. تاکە ئامێری گەیاندنی مەبەستەکانی ئەم دەسەڵاتە، زمانە، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەکان لە (ئایی بۆ نایی) بەپێچەوانەشەوە، چونکە مەرج نییە سەرجەم کەسانی سەر بەم پێگەیە ڕۆڵی چاکسازی ببینن، بەڵکو هەندێکجار لە سێبەری ئەم پێگەیە زمان بۆ خەڵەتاندن و شێواندن بەکاردێت.

### 3.2: کاریگەریی پێگەی سیاسی:

یەکێك لەو بوارە گرنگانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوە هەیە، جیهانی سیاسەتە، چونکە سیاسەتمەداران هەمیشە پێویستیان بە زانینی زمان و تایبەتمەندییەکانی هەیە بۆ ئەوەی بیری سیاسی خۆیان جێبەجێ بکەن و بەشداری لە گوتارە سیاسییەکاندا بکەن.

بەگشتی شێوازی دروستی بەکارهێنانی وشەکان و توانای تێگەیشتن لە بیرکردنەوە خوازراوەکان لەڕێگەی ئەوەی دەیڵێین، دەتوانێت یەکێک بێت لە پێناسەکانی سیاسەت. پەیوەندی نێوان زمان و سیاسەت لەیەک جیا ناکرێتەوە و تێنەگەیشتن لەم پرسە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی کلتوری-سیاسی لە وڵاتاندا.

وێڕای پێناسەکردنی سیاسەت وەک هونەری حوکمڕانی، کاریگەریی زمان لە سیاسەتدا بە ڕۆڵی زمانناسان لە دانانی دەقی وتەکانی سیاسەتمەداران، یان بەکارهێنانی زمان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان دەزانین (قادر، 2022: 1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەت بە چەمکێک پێناسە دەکرێت کە لە گەڵ دوو بابەتی ململانێ و دەسەڵاتدا تێکەڵ بووە، بەو مانایەی کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان لەژێر ئالای سیاسەتدایە. واتە ڕۆڵی زمان لە سیاسەتدا، وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات سەیر دەکرێت. لەبەرئەوەی سیاسەت، یەکێکە لەو لایەنانەی ژیان، کە بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی، بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر پشت بە زمان دەبەستێت، بەجێهێنانی ئەم مەبەستەش لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن (شەمس، 2006: 13)، چونکە ئەو تاکانەی خاوەنی پێگەی سیاسین دەسەڵاتیان تەنها لە سنوری حکومەت و پەرلەمان و دەوڵەت نییە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە دێتە ناو پەیوەندییە کەسییەکانیش بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە.

بەو مانایەی کە پێویستە سیاسەتمەدار بزانێت چۆن دەست بە وتارەکەی بکات، چۆن بگاتە خاڵی سەرەکی و دواجار دەرەنجامەکانی بخاتەڕوو. بۆیە دەبێت ئاشنای هەموو بنەماکانی زمان و ڕێساکانی بێت و توانای بەکارهێنانیان هەبێت. هەروەها بەکارهێنانی میتافۆر و تەمسیل کردن و بە کارهێنانی زمانی جەستە بەشێکە لە زمان، کە بە شێوەیەکی زۆر باش یارمەتی سیاسەتمەداران و قسەکەرانی بابەتی سیاسی دەدات.

سیاسەت، لە دونیای ئەمڕۆدا، تەنها بریتی نییە لە داڕشتنی پلانی جەنگ، بەڵکو زیاتر لەوە بریتییە لە بەکارهێنانی گفتوگۆ و زمانێکی دبلۆماسی و تەمومژاوی، کە تاکەکان دەتوانن بەهۆی ئەو زمانە لە پەیوەندییە کەسییەکانیش مەرامەکانیان بەدەست بهێنن. کاریگەری زمانی سیاسییەکان دەشێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵات و هێزەی کە لە پشتییەوە هەیە، کەواتە سیاسییەکان کاریگەریان دەبێت و دەبنە هۆی ڕازیکردن و ئاڕاستە گۆڕین لەڕێگەی ترسەوە، لە پەیوەندییە کەسییەکانیش بەهۆی ئەو دەسەڵات و پێگەی هەیانە دەتوانن لە ڕێگەی زمانیان کاریگەری دروست بکەن و بەرانبەریان ڕازی بکەن، جا بەهۆی هەڕەشەوە بێت یا پێدا هەڵگوتن، بۆیە زۆرجار بەرپرسە سیاسییەکان خۆیان دەخزێنە ناو کێشە و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی چارەسەرکردن یا گەڕانەوەی بەرژەوەندی بۆ ئەو لایەنەی کە مەبەستیانە (عوسمان، 2009: 69). کەواتە زمان و سیاسەت کارلێك دەکەن، کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی بەرەوپێشچوون و تەکنەلۆجیادا، سودێکی زۆری لەهۆکار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا وەك: (ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەتەلایت، ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ...هتد) وەرگرتووە، لەپێناو گەیشتن بە مەبەستە دیاریکراوەکان و سەقامگیرکردنیان لەنێوان خەڵکدا.

لە کایەی سیاسیدا پێگە سیاسییەکە دەسەڵات دیاریدەکات و ڕۆڵێکی گرنی هەیە لە پەیوەندیی نێوان کارمەندانی ئەم بوارەدا. هەموو کاتێك پلەی بەرزتر فەرمان بەسەر پلەکانی خوار خۆیەوە دەکات و خوارەوەش بە زۆری داوا، یان تکا لە سەرەوە دەکات. تەمەن و ڕێزگرتن و ...هتد زۆر لە پەراوێزدان (شەمس، 2006: 70). دەربڕینەکانی (گەورەم، سەیدی)، هەروەها پلە سەربازییەکانی (موفەوەز، ملازم، ڕائید) زۆر بەکاردەهێنن. لە دەربڕینە نازمانییەکانیش، سڵاوی سەربازی لەگەڵ هەر چونە ژورەوەیەك و هاتنە دەرەوەیەك، یان یەکتر بینینێکدا بەکاردێت.

## 4.2: کاریگەری پێگەی ئابوری:

بەدرێژایی مێژوو، بنەمای ئابوری، یەکەم هۆکار بووە جیاوازی خستۆتە نێوان دەسەڵاتی مرۆڤەکان، لەکۆمەڵگەدا، ئەوانەی دەسەڵاتێکی ئابوریی بەهێزیان هەبووە، دەسەڵاتێکی زمانیی بەهێزیشیان هەبووە، بەجۆرێك ئەو زمانەی چینە نزمەکان پێی دواون زمانی ڕەشۆکی و ئەو زمانەی چینە بەرزەکا پێی دواون زمانی باڵا و زمانی نوسین بووە (عەبدولڕەحمان، 2009، 71). ئەم جیاوازییە لە کۆمەڵگەی ئێستادا بەم شێوەیە نابینرێت، ئەمەش بەهۆی جێگیربوونی زمانی نوسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینرێت ئەوانەی مەیلیان بۆ ئاستێکی بەرزی ئابوری کۆمەڵایەتی هەیە، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی دیاریکراو بەمەبەستی بەرزبوونەوە و دەرخستنی دەسەڵات، لەسەر کەسانی تر. هەر وەك (پیربۆردیۆ) پێیوایە ((ئاڵوگۆڕی زمانی ئاڵوگۆڕی ئابوریشە، کە جۆرێك گونجانی هێمایی لەنێوان بەرهەمهێنەری سەرمایەی زمانی و بەکارهێنەری بەر قەرار دەکات، دەتوانیت جۆرێك سودی مادی یا هێمایی بەدەست بهێنی))، (ژانکالوە، 1996: 137). ئەم وتەیە بە بیروبۆچونی " (پیربۆردیۆ) ئەوە دەگەیەنێ، کە ئاخاوتنەکان بەدەر لە گواستنەوەی واتا، نیشانەی سەروەت و تواناشن، تا لەگەڵ پێشوازیکردن و گوێڕایەڵی کردن ڕوبەڕو ببنەوە ڕۆنانی کۆمەڵایەتی لە قسە بەدی دەکەین، چونکە ئاشکرایە ئەوانەی پێشوازی گەرمیان لێدەکرێت ئەوانەن ڕۆنان و ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانن ئەوانەن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ئاستێکی نزمی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە (پێربیردۆ) دەیگەڕێنێتەوە بۆ نزمی ئاستی ئابوری، ئەم جیاوازییە لە پەندی پێشینانی کوردی زۆر جوان ڕەنگی داوەتەوە، وەك دەگوترێت: (ئەگەر هەتبێت بە مام و خاری، ئەگەر نەتبێت بێکەس و کاری). یان دەگوترێت: (هەرکەسێ نانی نەبێ، ناوی نییە)، (زارعی، 2010: 15).

هەروەها لەبواری ئابوریدا سود لە زمان وەردەگیرێت بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکان، واتە زمان لە ڕێکلام و پروپاگەندە و ساغکردنەوەی کاڵاکان ڕۆڵی کاریگەری هەیە، بەگشتی هەموو کۆمپانیا و فرۆشیارێك هانای بۆ دەبات. کەواتە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاخاوتنەکان بەدەر لە گواستنەوەی واتا، نیشانەی سەروەت و تواناشن، هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنی باری ئابوری، زمانیش گەشە دەکات و کۆمەڵێك وشە و زاراوەی نوێ لە دایك دەبێت، بۆ نمونە زمانی کوردی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە بە تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ میللەتانی دەوروبەر و پێشکەوتنی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە هۆی هاتنی کۆمەڵێك وشە و زاراوەی نوێ بۆ ناو زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لەم بوارەدا، وەك (کۆمپانیا، بانکی مەرکەزی، مینی مارکێت، سوپەرمارکێت، مارکە، ...هتد).

### 5.2: کاریگەریی پێگەی خزمایەتی:

پەیوەندیی خزمایەتی بەیەکێ لە پەیوەندییە هەرە پتەوەکان لە کۆمەڵگەدا دادەنرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، لەبەرئەوەی سنوری هەڵسوکەوت و گفتوگۆ، ...هتد بە ڕونی یاسا و ڕێڕەوی بۆ دیاریکراوە، بەجۆرێك هەر لادانێك لەم یاسایە و ڕێڕەوانە. دەبێتە هۆی لەقەڵەم دانی تاك بەبێ ڕێز، زۆربەی کات منداڵ دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی وشەکانی دایك و باوك. منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نابێت قسە بە باوکی یانە دایکی ببڕێت، یا دەنگ بەرز بکاتەوە، یا هەر هەڵسوکەوتێکی زمانی دی بێڕێزی بنوێنێت، ئەمە لەسەر کچ زیاتر پەیڕەو دەکرێت بە بەراورد بە کوڕ، وەنەبێت ئەم بێڕێزییە تەنها خۆی لە دەنگ بەرزکردنەوە و قسە پێبڕین، ...هتد ببینرێت، بەڵکو لە جۆری بانگکردن و ناوهێنانیش بەدیاردەکەوێت، منداڵ (کوڕ، کچ)، (گەورە، بچوك) بەزۆری ناوی باوکی یا دایکی یا مامی یا خاڵی، ...هتد نابات، بەڵکو بە (بابە، دایە، مامە، خاڵە، ...هتد) بانگی دەکات، لەگەڵ ئیوەشدا

زۆرجار دایك و باوك و کەسە نزیکەکانی ناوی بچوککراو لە منداڵەکانیان دەنێن جا بۆ خۆشەویستی بێت یا بۆ عەیبدارکردنی بێت، کە هەریەکەیان کاردانەوەی خۆی هەیە لەسەر دەرونی منداڵەکە، ئەم کاردانەوەیەش دەبێتە هۆی تێڕوانینی منداڵ بۆ دایك و باوك، ...هتد، کە لە هەڵسوکەوتی زمانی و کرداریدا ڕەنگ دەداتەوە.

### 6.2: تەمەن:

لە جیهاندا بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی زۆر ڕێز لە کەسی بەتەمەن دەگیرێت. بەو واتایەی دونیا دیدەو خاوەن ئەزمونی زۆرە لە ژیان، وەك دەگوترێت: (ئەوەی گەنج لە ئاوێنە دەیبینی، پیر لە خشتی تەڕ دەیبینێت)، بۆیە کۆمەڵ لەسەر تاك پێویست دەکات، کە ڕێز لە قسەکانی بگرێت و گوێڕایەڵ بێت، هەروەها ئەو شێوازەی کە تاك لەگەڵ پیرێك بەکاریدەهێنێت پێویستە زۆر جیا بێت لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆی بەکاریدەهێنێت. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی پیاو شێوازێکی گران و سەنگین و لەسەر خۆی هەیە کەم پێدەکەنێت، گونجاوە دەنگیان بەرز بکەنەوە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ تەمەن بچوکەکان، بەڵام ناتوانن دەنگیان بەرز بکەنەوە لەپێش پیاوی تەمەن گەورە (حەمدانی، 1982: 229)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگیراون. بۆیە زۆرجار لە بۆنەی خۆشی و ناخۆشی، لە سوڵح و سەراحەت و ژن و ژنخوازیدا، پیاوانی بەتەمەن و ڕیش سپی ناوچەکە و بنەماڵەکە دەبەن، چونکە لەناو کۆمەڵگەدا ئەمانە پێگەیەکی بەرچا و ڕێزی تایبەتییان هەیە و گوێیان لێدەگیرێت و قسەیان ناشکێنرێت. بۆ نمونە لە بۆنەی (داخوازی/ داواکردن) هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەوە بە چەند قسەی جوان پێدەکەن، وەك: هەموو کچێك شو دەکات و هەموو کوڕێکیش ژن دێنێت، ئێمەش لەسەر سونەتی خوداو پێغەمبەر هاتووین بۆ داوای کچەکەتان، تا بیکەین بە کچی خۆمان.....

### 7.2: ڕەگەز:

سروشت و لۆژیکی ژیان و بوون، بونەوەرانی بەسەر دوو توخمی نێر و مێدا دابەشکردووە، ئەم دوو ڕەگەزییە، جیاوازییەکی سروشتی و بایۆلۆجییە، ئەم جیاوازییەش کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی

جەستەیی و دەنگ و دواتر دەنگەژێکانی مرۆڤدا هەیە، جیاوازی بایۆلۆجی نێوانیان لەشێوازی ئاخاوتنیاندا ڕەنگی داوەتەوە، زۆر دەربڕین لە زماندا هەن تایبەتن بە ڕەگەزێك، ئەگەر ڕەگەزەکەی تر بەکاریبهێنێت کۆمەڵ لێی وەرناگرێت. یان دەبێتە جێی تانەوتەشەر زۆرجار دەوترێ (فلان پیاو زۆر ژنانەیە)، یان (ئەو ژنە دەڵێی پیاوە، قسەکردنی لە ژنان ناچێت). (مرۆڤ لە پۆلکردنی دەوروبەری خۆیدا، بەجیاوازی کلتورەکان پەیڕەوی هەمان دابەشکردنی کردووە، زمانیش لەم دابەشکردنە بێبەش نەبووە، لە بنەڕەتدا ویستی مرۆڤی تێدانییە، بەڵام زەقکردنەوەی بابەتەکە خەسڵەتی کەسێتی نییە، بەڵکو بەرهەمی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانە و بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە)، (نوردنستام، 2009: 39). کلتور و کۆمەڵ، کاریگەری تەواویان لەسەر بەرهەمهێنانی تاکێکی کۆمەڵایەتی نێر یان مێدا هەیە، ئەوەی ئەم دوو ڕەگەزە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە جیادەکاتەوە کۆمەڵ و کلتور و خودی مرۆڤە، تەنانەت بەها و پێگەی ڕەگەزەکانیش بەگوێرەی کلتورەکان جیاوازە، بەپێی کلتور ئاستی ئافرەتان، لە پیاوان نزمترە ، ئەمەش ئاڵۆزی زمانی دروستدەکات. جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتیی منداڵ، کاریگەر دەبێت بە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانەکە و تێڕوانینیان بۆ کوڕ و کچ، بە تایبەتی لە چەمکی جیاوازیی پەروەردەی کوڕان و چۆنیەتی پەروەردەکردنی کچاندا.

جیاوازییە زمانییەکان، ڕەنگدانەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانن، هەتا کۆمەڵ ژن و پیاو وەکو دوو ڕەگەزی جیاواز و نایەکسان بناسێنێت، جیاوازییە زمانییەکان بەردەوام دەبن، هەروەها شێوازی ئاخاوتنی دایك لەگەڵ کوڕەکەیدا جیاوازە لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی هەمان دایك لەگەڵ کچەکەیدا (شەمس، 2006: 44). جیاوازیی نێوان دەربڕینەکانی ژنان و پیاوان، بە زیاتر لەیەکدابڕان و بەندکرنی ژن لە ژورەوە زیاتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە، تاکو زیاتر ئازادیی ژن دەستەبەربکرێت و بواری کرانەوە و کارکردنی لەگەڵ پیاودا زیاتر بۆ برەخسێت و بەشداریی بوارەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکانی پیاو بکات، جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، کە ئەگەر ڕێککەوتن لە تەمەن و ڕۆشنبیری و چینی کۆمەڵایەتیی کوڕان و کچاندا هەبێت واتە (هاوتابن)، ئەوا کچان لە دەربڕینەکانیاندا لە کوڕان وردتر و چڕترن. جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندایە، کە هەریەکەیان هەندێك دەربڕین بەکاردەهێنێت ئەوەی تر بەکاریناهێنێ و هەندێك لە دەربڕینەکان تایبەتمەندییان وەرگرتووە. ژنان گرنگی زیاتر بە گۆکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەربڕینی کەرەستەکان دەدەن و زیاتریش بە پەیڕەوکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەبەکارهێنانی زماندا پابەندن (سەعید، 2008: 12).

بەگشتی تا ئێستاش پیاو پۆست و کاری پایەبەرزی زیاتر لە ژن پێدەدرێت، خاوەنییەتی موڵك و داهاتیان لە ژنان زیاترە سیاسەتمەداری پیاوان لە ژنان زیاترە، ئەمەش وای کردووە مرۆڤەکان بەپێی ڕەگەز لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کومەڵگەی کوردی بەتایبەتی پێگەی جیاوازیان پێدراوە، کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەك کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە، بۆیە هەندێ پێگە هەیە ڕەوای ژن نابینن، یان زۆرجار بە چاوێکی کەم سەیری ژن دەکرێت، تەنانە ئەمە لەپەندی پێشینانیش ڕەنگی داوەتەوە، وەك دەگوترێت (هێزی ژن لە زمانیدایە.)، یان دەگوترێت (شەڕ، بونی نییە گەر ژنێکت لە دڵدا نەبێت.)، لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ئەگەرچی ژنان لە زۆربواردا پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە و بەشێکی زۆریان لە کاردا لەگەڵ پیاواندا بەشدارن، بەڵام بەها کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری بەهەمان ئاست نەگۆڕاون.

لە ڕاستیدا ژن، ئەو مرۆڤەیە کە تەواوکەر و لایەنێکی سەرەکیی ژیان و نیوەی کۆمەڵ و بەهەشت لەژێر پێی دایە، بەڵام دابونەریت و کلتورەکە وایان کردووە بە شایەنی پێگەی بەرزی نەزانن، باڵادەستی و پیگەی بەرز بە شایەنی پیاو بزانرێت (ئەلوەنی، 2008: 73)، ئەمەش لە ڕەفتار و گوفتاردا ڕەنگی داوەتەوە، وەك ئەوەی ئاساییە پیاو قسە بەژن ببڕێت، بەڵام ئاسایی نییە ژن قسە بە پیاو ببڕێت.

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ـ پەیوەندیکردن بریتییە لە هاوبەشیکردن لە زانیاری و مەعریفە، لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێك هێما، کە هەڵگری زانیارییە، مرۆڤ ڕۆژانە چەندین پەیوەندی جۆراوجۆر ئەنجامدەدات، کە هەر یەکەیان بۆ واتا و مەبەست و گەیاندنی زانیارییەکە.

ـ زمان ئامرازێکە لە خزمەتی پەیوەندیکردن دایە، لە پەیوەندیکردندا کۆدی زارەکی و نازارەکی ڕۆڵ دەبینن.

- پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەك پێگەی: (سیاسی، ئاینی، ئابوری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی) کاردەکەنە سەر کارابوونی زمان و بەڕونی کاریگەرییان لەسەر زمانی تاك ڕەنگدەداتەوە.
- یەکێك لەو پێگانەی کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری لەسەر زمان و کۆمەڵ هەیە، پێگەی ئایینییە.
- لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەگشتی و لای کورد بەتایبەتی، بە ڕادەیەکی زۆر ڕێز لە کەسی بەتەمەن دەگیرێن، قسەکانیان بە هەند وەردەگیرێن.
- هەموو خوێندەوارێك ڕۆشنبیر نییە، بۆیە هەندێکجار زمانی کەسێکی خوێندەوار بەقەدەر کەسێکی (نەخوێندەواری ڕۆشنبیر) کاریگەری هەیە.
- هەندێکجار پێگەکان بەکاردەهێندرێن بۆ شێواندن و هەڵخەڵەتاندن و تێکدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.
- لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکو ئێستا شوێن و پێگەی ڕەگەزی نێر بەسەر ڕەگەزی مێدا زاڵە، ئەمەش بە ڕونی لە بەکارهێنانی زمانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.
- زۆرجار ئەوانەی دەسەڵاتێکی ئابوری و سیاسی بەهێزیان هەیە، دەسەڵاتێکی زمانی بەهێزیشیان بەسەر چینی خوارتردا هەیە.

## - لیستی سەرچاوەکان:

### بەزمانی کوردی:

1. - ئەلۆەنی، نەجم خالید (2008) پەند و قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
2. - دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2005) ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
3. - دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2012) شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
4. - زارعی، ئیسماعیل (2010) فەرهەنگی پەند، دەزگای موزیك و کەلەپوری کوردی، هەولێر.
5. - سورخی، ڕەحیم قادر (2008) ڕۆڵی واتا لە پرۆسێسی پەیوەندییە گشتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

6. ـ سەعید، تابان محەمەد (2008) شێوازی قسەکردنی ژن لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
7. ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید (2006) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
8. ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید (2013) هەژمونی زمان لەسەر کەسێتیی کورد ـ پەندی پێشینان بە نمونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
9. ـ علی، ئازاد ڕەمەزان (2005) بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکان (لە نێوان 1991ـ 2000)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
10. ـ عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان (2009) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
11. ـ عومەر، نەوزاد ئەنوەر (2014) هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
12. ـ فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا (2003) ڕستەو پاش ڕستە (تێڕوانینێکی ئەرکی)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
ـ قادر، نەڤید شەریف (2022) پەیوەندی نێوان زمان و سیاسەت،
14. https://www.zarikrmanji.net
15. ـ محمد معروف فەتاح (2011) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
16. ـ نۆردنستام، کریستین (2009) زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، وەرگێڕانی، خورشید، غازی عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
17. ـ ناوخۆش، سەلام ـ عەبدوڵلا، ئیدریس ـ خۆشناو، نەریمان (2011) کوردۆلۆجی، چاپی حەوتەم، چاپخانەی هێڤی هەولێر.

## بە زمانی عەرەبی:

18. ـ الحمداني، موفق (1982) اللغة و علم النفس، طبع بمطابع مديرية الكتب الطباعة والنشر جامعة الموصل.
19. ـ العتابى، جمال حسين (2006) أهمية وسائل الاتصال في العلاقات العامة، بغداد.

20. ـ خرما، نایف (1978) أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسله عالم المعريفه، سلسله (9)، الكويت.

**به زمانی فارسی:**

21. ـ باطنی، محمد رضا (1376) مسائل زبان شناسی نوین(دەمقاله)، چاپ4، مؤسسه انتشارات أگاه..
22. ـ ژانكالوه، لويی (1996) درآ مدی بر زبان شناسی اجتماعی، پاريس، ترجمه: پوينده، محمد جعفر، 1379، انتشاران نقش جهان، تهران.

**به زمانی ئینگلیزی:**

1. DeVito, Joseph (2007) The Interpersonal communication book. 11th Edition. Boston: Pearson Education Inc.
2. Wood, Julia (2011) Communication in our lives. New Jersey: Thomson Wadsworth.

---

## Impact of Different Positions in Society on the Kurdish Language

**Shadan Shukr Sabir**
Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: shadan.shukr@koyauniversity.org

**Bazhdar Sulaiman Abdullmanaf**
Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org

***Keywords***: *communication, influence of cultural position, influence of religious position, influence of political position, influence of economic position*.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract:**

The research is entitled "Impact of Different Positions in Society on the Kurdish Language." The reason for choosing this topic is that the influence of different positions within Kurdish society on language is clearly evident. Our passion for the subject has also encouraged us to choose this title for our research. Additionally, the fact that this subject has not been investigated in Kurdish, and within the framework of independent research, has led us to identify a gap in the Kurdish library in this field. Therefore, we have chosen this title for our research to fill this gap. This research aims to identify and present the subject through the method of analytical description, based on quoting and analyzing several examples from people's daily lives.

The most important findings of the study are as follows: Different social positions, such as political, religious, economic, cultural, kinship, age, and gender, affect the effectiveness of language and clearly reflect their impact on an individual's language. One of the contexts that reflect and influence language is society, particularly the religious position, where religious men are highly respected and their words are taken into account. However, it must also be acknowledged that sometimes social positions are used to distort, deceive, and mislead, and they are utilized to establish social relationships.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# أثر المكوّنات المختلفة للمجتمع على اللغة الكوردية

**الملخّص:**
البحث بعنوان (أثر المكوّنات المختلفة للمجتمع على اللغة الكوردية)، وأنّ سبب اختيار هذا الموضوع يرجع إلى التأثير الواضح والمحسوس على اللغة من جانب المكوّنات المختلفة في المجتمع الكوردي، فضلًا عن ذلك فإنّ شغفنا بالموضوع كان سببًا في اختيراه عنوانًا للبحث والاستقراء، ناهيك عن أنّ هذا الموضوع لم يتمّ البحث فيه باللغة الكوردية وفي إطار بحث مستقلّ، فقد شعرنا بوجود فجوة في المكتبة الكوردية في هذا المجال ليكن هذا سببًا آخرًا لجعله عنوانًا لبحثنا، وليتمكّن هذا البحث من سدّ هذه الفجوة في المكتبة الكوردية. واتّخذنا من المنهج (الوصفي التحليلي) أداة للتعرّف على الموضوع وتقديمه، وذلك بالاعتماد على اقتباس أمثلة عديدة من حياة الناس اليومية وتحليلها.

ومن أهمّ النتائج التي توصّلت إليها الدراسة ما يلي: إنّ اختلاف المكوّنات الاجتماعية مثل المكوّنات: (السياسية، والدينية، والاقتصادية، والثقافية، والقرابة، والعمر، والجنس) تؤثّر على فعّالية اللغة، وتعكس تأثيرها بشكل واضح على لغة الفرد، ومن أبرز هذه المكوّنات هو المكوّن الديني والذي كان له تأثير وحضور واضح على اللغة والمجتمع، إذ يحظى رجال الدين باحترام كبير في المجتمع الكوردي، ويُؤخذ كلامهم بعين الاعتبار. ويجدر بنا الإشارة إلى أنّه في بعض الأحيان تُستخدم هذه المكوّنات الاجتماعية في تضليل وتشويه وخداع العلاقات الاجتماعية في المجتمع ككلّ.